له خەونمدا بینیم سیواکم دەکرد، ودوو پیاو هاتن بۆ لام، یەکێکیان لەوی تریان بە تەمەنتر بوو، سیواکەکەم دا بە ئەوەیان کە تەمەنی بچووکترە، پێم ووترا: گەورەکەیان، بۆیە منیش دام بە ئەوەیان کە گەورەترە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە خەونمدا بینیم سیواکم دەکرد، ودوو پیاو هاتن بۆ لام، یەکێکیان لەوی تریان بە تەمەنتر بوو، سیواکەکەم دا بە ئەوەیان کە تەمەنی بچووکترە، پێم ووترا: گەورەکەیان، بۆیە منیش دام بە ئەوەیان کە گەورەترە (بە تەمەنترە)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە بە سیغەی جەزم - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خەودا بینی کە سیواک دەکات، ودوو پیاو هاتن بۆ لای ویەکێکیان لە ئەوی تریان تەمەنی گەورەتر بوو، و ویستی سیواکەکە بدات بەوەیان کە تەمەنی بچووکترە، وپێی ووترا: سەرەتا بیدە بەوەیان کە تەمەنی گەورەترە، بۆیە ئەویش بەخشی بە گەورەکەیان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3131